نووسینی شرۆڤەیی یا بیرکەی چەقبەستوو … نەوزاد جەمال

لە ئاستی کێشەو پرسیارەزۆ مەترسیدارەکاندا، زۆرترین قسەدەکرێن، بەڵام کەمترینیان لێکدانەوەی زانستی و بابەتی دەبینین. پرسیارەکەش ئەوەیە: ئایا نووسین و لێدوانەکانی نێو میدیاکان، ئەنجامی لێکدانەوەو شرۆڤەکارییەن یا دووبارەکردنەوەی بیرکەی چەقبەستووی پێشوترو ئیلهامی کەسەکانن؟
بەگشتی، باسکان سەبارەت بەم ڕووشی هەرێم ئاگەر نەڵێم هەمووی، ئەوا زۆرێکی ناکرێت ناوی نووسینی لێبنرێت. چونکە، جگەلەوەی نووسینی کەشێیی و دووبارەن، لەهەوڵستنواندن و هەڵشتەکی دەروونیدا گیریانخواردووە. سەرەڕای ئەوەی پەرچەکردارەکی خراو سەرپێیانەشن، بەپێشینەی زانستی پێویست لەبابەتەکان دەدەن. ئەمەش، ئەنجامەکی زۆروزەندەیی بەناوکراوەکانە کە بازاڕگەرمی نووسینیان ئاسانکردووە.

نوسەرانی سەبەریش کە بەخواستی ئەم و ئەو دەنووسن، لەسەنگەی سەنگەرگرتن لەنەیارەکانیان، نوسراوەکانیان کردووەتە ئامرازێک. هەروەها، کەسانێکیش وەکئەوەی لەبەسەدابن دەنووسن! دیاردەیەکی تازەو نامەدڕنیش کەزۆر بڕچاودەکەوێت، پڕلەمانتارەکانە کە لەبەری بەکارهێنانی پگەی پڕلەمانی بە پرسگشتییەکان، گواستویانەتەوە بەناو بەناوکراوەکان! بەئەوەی پاشخانێکی وەهایان هەبێت، دەستیان داوەتە نووسین. جگەلەوە، تەکەمەڵایەتییەکان دەرفەتی دەبینی یەکسانیان بەهەموویەکێک داوە، وەهمی نووسەرێتیان لای زۆرێک تەخکردەتەوە کەنووسین بەهەمان تانی تەکان بە ڕۆژنامەکانیش گونجاوبێت! ناخشترین شتیش ئەوەیە، نووسین و زمانی قسەکردنی ڕۆژانە جیاوازی ئەوتۆیان نەماوە.

1- نووسینی سیناریۆ بە داڕژراو

دەزینەوەی بەنەو ڕوداو بەخش و ناخشەوە، وەک خوێکی هەمیشەیی کراوەتە بەندگەی خەدڕخستن. لەکاتێکدا، نووسەر نانووسێت، هەر لەبەرئەوەی کە دەبێت شتێک بخاتەسەرکاخەز. نەخێر، ناچاریی نووسین لەبیرکردنەوەو پرسیارو بەدواچوونی بەردەوامەوەدێت، نەک کەسێک هەردەبێت شتێک بڵێت تا نەڵێن بێزمانە.
جگەلەوە، نووسینی شرۆڤەیی سیناریۆیێک نییە کە نووسەر پێشتر

لەمشکیدا کەمێک بەیاری پێشوەختە یا بەڵام هەڵهەنجان لەئیلهامی شەخسی خۆیەوە بنووسێت. سەیرکە لەوەدایە، دۆیەها رووداو بۆنی جیاواز تاوتوێدەکرێن وەکئەوەی نووسەرەکانی لەباوەشکدا هەرچی دەستواژەی کەشێیی و ستریەتایپ-وێنەباو- دەربهێنن و رستەکانیان پێبەازنێنتەوە. راستە، ئەمانە خەیان بەدەسەز، خەمخەر، ڕەخنەگر، بوێرو بەهێوەست دادەنێن. بەڵام، هیچ لەمانە مەرجی سەرکی نووسینی باش و شرۆڤەیی نیین. کەی ئەوە شرۆڤەو لیکدانەوەیە، کە نوسەرێک لەبەرئەوەی ئیلهامێکی بەهاتووە دۆقێک بەناونیشانێکی زۆقەوە ڕەکاتە وتارێکەوەو بەوشەی سەرنجاکێش و هەستبزوێن، گەمەی زمان و ریتەریک ئارایشتی بکات.

2- هەڵهەنجان لە فیکس ئایدیاو بیرورای کلێشییەوە؟

بەشێکی ئەوەی بەناوی شرۆڤکاریەوە دەنوسرێت، بەرئەنجامی بیرکەی چەقبەستوو(Fixed Idea)ە . واتە، قاڵبێکی زۆینی کە لەقایلبوونێکی پێشوەختەوە هاتووە. داواجار، نووسەر بەهەی ئەم قاڵبەوە خەریکی مەرکلەدان (Labeling) بێت لە هەرچی دیاردەو رووداوە. لەچوارچێوەی ئەو قاڵبەداڕژراوەدا کەپێشتر بەرهایی تەسلیمی بووە، بنووسێت و بیربکاتەوە. لەبەرئەوە "فیکسد ئایدیا" واتە بیرکەیەکی نائەقلانی یا هەستێک کەجەخت لەشتێک دەکات، بەهەبوونی بەگەی سەلمێنەر. ئەمەش، بەرئەنجامی وەهمێک خەسەپێنەرە.
جگەلەوەی بیرکەی نووسینەکان، بەرهەمی وێنەیەکی پێشینەیین، بەئیلهام بەهاتن لەزەینی نووسەرەکانیاندا سەرهەڵدەدەن، نەک بەرئەنجامی خوێندنەوەو لێکدانەوەی بابەتیانەی رووداوەکان. ناکرێت هەمیشە بیرکەو بەیاری پێشداوەریانە ببێتە نووسینێکی بابەتی ورد. ئاخر، وەکئەوەیە کەسێک تەراوزیەکی هەبێت، بەڵام لەباتی کەشانی تەماتەو خەیار، بەهەمان پێوەر سیاسەت و دەوڵەت و گرفتکان هەڵبسەنگێنێت. وەکچۆن ناکریت بەیەک پێوەر-تەرازوو- هەموو دونیا پێوانەکرێت، ئاوهاش ناکرێت بەیەک تەورو باوەڵو قەناعەتەوە ڕووداوەکان مەزندەکرێن. چونکە، هەر بابەتێک ستاندەردو پێودانگ و میتەدی خۆی هەیە.

3- دۆگمای وتنی حەقیقەت

یەکێک لەو دۆگمایانەی نووسینی کوردی داگیرکردووە، بیرکەی ووتنی هەقیقەتە. واتە، ئەرکی یەکەم و کۆتایی نووسین/نووسەر ووتنی هەقیقەتە! ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە بۆتە رایەکی گشتی کەهەر کەسێک

هەقیقەتێکی کاوکرچیشی درکاند، ئیتر روناکبیرو نووسەر! وتنی هەقیقەتیش رەحمکی پاڵەوانخوازانەیە. بەیە، بۆیە بەبێتە پاڵەوان، بوەربەو راستییەکان بڵێ.
سەبارەت بەووتنی هەقیقەت وەک ئەرکی سەرکی نووسین، ئاماژە بەوتارێکی (دانیال جۆری) دەکەم کە رەخنەی تیزکی بیرمەندی ئەمریکی زمانەوانی ‘چۆمسکی’ دەکات . لەسەروبەندی جەنگی نەگریسی ئەمریکا لە ڤێتنامدا نیوسەدەمە لەمووبەر لەوتارێکدا بەناوی ‘بەرپرسیارێتی روناکبیر وتنی هەقیقەتێ’ ناوبانگی دەرکرد . وتارەکە جەختدەکات کە ئەرکی روناکبیرورەشنبیر وتنی راستی و پەردەهەڵماڵینە لەدرەکان. ئەرکی رەوشتی وادەخوازێت لەرەشنبیران پێگەی کەمەڵایەتییان لەپێناو گەڵانی کەمەڵایەتییدا بەکاربهێنن و راستییەکان بڵێن. هەبەت، ‘چۆمسکی’ رووی دەمی لە سیاستدانەژری وەاتەکەی نەبووە، بەڵکو ئەو نوسەرانەی لەزەنگاوی ڤێتنامدا، بەرگریان لەسیاسەتی ئەمریکا دەکرد. بەیە، ئەو جۆرە نوسەرو رەشنبیرانەی بەبریکارەنوەکانی دەسەڵات ناوبرد.

بەڵای دانیال، بەبە لەبەرچاوگرتنی هاوکێشەی هێز لەنێوان هێزو بکەرەسیاسیەکاندا، تەنها ووتنی راستییەکان بەس نیین. چونکە، تەنها هەڵماڵینی ماسکی درۆ بە گەڵینی واقیعی کەمەڵایەتی و سیاسی هەموو شتێک نییە. بەگومان، رەخنەکەی ‘دانیال’ لە ‘چۆمسکی’ لەسەرئەوەنیە ئاخۆ وتنی راستی هەڵەیە. نەخێر، لەپای ئەوەیە کە تەنها ووتن لەخۆیدا بەس نییە. جگەلەوەی، باوەڕکردن بەهەبوونی تاکە هەقیقەتێک کە نووسەرو روناکبیرێک پەداگیری لەسەردەکات، لەخۆیدا دەگمایەکە زیان بە دیموکراسی راوبۆچوونەکان دەگەیەنێت. گرفتەکیتری ئەم جۆرە تێگەیشتنە سەبارەت بەرەسەنی روناکبیر ئەوەیە کە تەنها لایەنە رەوشتییەکەی نووسین دەگرێتەوە. واتە، تەنها رەچاوی بەرپرسیارێتی رەوشتی وەک پێشمەرجی نووسین دەکات، نەک توانا، وردیبینی، لێهاتووی لەکدانەوەو شرۆڤەکاری تیزو پرسیار بەرهەمهێنان. ئیدی، جەختکردنەوە لەپاڵنەرە زاتییەکانی نووسەر، وادەکات ملاملانێی سیاسی و شرۆڤەکاری بە هەوەست دابخزێت، نەک گەیشتن بەوێنە گەورەکەی پشت هەڵومەرجەسیاسی و هاوکێشەکان.
سەربەخۆیی روناکبیر وەک سەرمەشقی ئازادی و هەقیقەتبێژی، ئەو راستیە دەشارێتەوە کە روناکبیرانیش هەرگیز سەربەخۆنین لەهەڵە کەمەڵایەتیەکان و ناشبن. ئەو راستیانەی دەیدرکێنن و ئەو دریانەی دەریدەخەن، پشت بەهاوسەنگی و پارسەنگی هێز دەبەستێت نەک ئازادیی خۆیی و بوێری. ئەرکی وتنی هەقیقەت تاڵادێیەک پەویستە، بەڵام، چەنیێتی گەیانکاری و ئەوەی رێتەدەچێت، بەشکیترە لەئەرکی

روناکبیر.

4- ڕەخنەگرتن بەدەستنیشانکردن

لەکاتێکدا دەوروبەرمان نقوومە لەرووداوەکاندا، ئەمەش لە لێتەو چڕپاوەکانییدا ڕەچووین. هەر جوڵەیەکیش دەمانبات بەقوڵایی خۆیداو هەرئەوەندە دەزانیین ووردەوورده دیارنامێنن. بەڵام, ناشزانین چی لەبنەوە ڕوودەات. ئەوەی دەبینین ئەنجامی ڕووداندەکەیە، نادیدەین لەهۆکارو زەمینەی ڕووداندنی. زۆربەی نوسەرەناسراوو جیدیەکان بەردەوام لەسەر یەک ئاوازی ڕەخنەیی دەژەنن: دەستنیشانکردنی واقیع لەڵێی واژەی سواوو دووبارە: " ئەمە نیمانە" کەس نەیکردووە، نەکراوە" هتد… کە بەناوی ڕەخنەوە لەرازوگلەیی سەرپێی و سادە دەرناچن.
ئەم تەرزە نووسینانە, باس لەهۆکارێ بنچینەییەکان ناکەن، تەنها ئاماژەی خۆرا بەوەدەکەن کە "نییەو نەکراوە". بۆئەوە بپرسن: بۆچی نیمانەو چۆن ئیشی بۆبکرێت. زۆرترین قسە لەئەنجام و لێکەوتەکان دەکرێت، بەڵام هۆکارێبنەڕەتییەکان دیارنییین! لەپاڵ ئەوەدا, خۆدەرخستن و نیشاندانی ئەوەی "من"ی نوسەر/ڕەشنبیر یەکەم کەسم درکم بەو راستییەکردبێت! لەکاتێکدا, ئەمە درێیەکی واقیعیە ئاگەر کەسێک بڵیت: من یەکەم کەسی دونیای ڕەشبیریم کە قسەم لەبارەی فانۆ کەشەوە کردووە. گوایا, ئەم لەحزەیەی "من" دەکەماوە، لەحزەیەکی مێژوویە کەسیتر ئەو پیشینەییەی پێنابەخشێت. واتە، ئیتر ڕاستییەکان، لەمنەوە دادەکەوێت.

5- شرۆڤەی زانستی یا جیهانبینییەکی وەستاو؟

بەوپەیەی لەبواری نووسیندا, نەریتێکی چەپانە زاڵبووە، هەمیشە لەگەشەنیگاو سەنگەرێکی وەستاوە ڕوانراوەتە گەلاوێکانی دونیاو بەیەک چاویلکەی ئایدۆلۆجی هەڵسەنگاندن کراوە. هەربۆیە، سەروەختێک 'ڕایمۆن ئارۆن' چەپگەرییی لەکایەی ڕونەاکبیری فەرەنسیدا بەنەخشیەکی ڕەشنبیریی داناوە . ڕەنگە هەمانشت بۆ کوردستان گونجاوبێت، بۆتایبەت، گوتاری ڕەشنبیری کوردی 'پاش ڕاپەڕین' خۆی لەسەر ڕەخنەکردنی کەمۆگ، کولتورو نەتەوەو ناسنامەو کەشەسیاسی و ئابوریەکان دامەزراندووە. ناسنامەی ڕەشبیری کوردی کەشکێکی لەسەر ئایدیالیزەکردنی بەچوون و لێکدانەوەکانی هەڵچنیووە، جارێک خۆی کردەتە وێژدانی گشتی، جارێکیش سەرقاڵی هەڵوەستنواندن بووە، جارجارەش چالاکێکی سیاسی و کەمەڵایەتی، یا توێژەرو پسپۆڕ!

ئەرکی ڕەخنە قسەکردنە لەسەر کێشەو هەڵکارەکانی، نەک تێپەڕین بەسەر کێشەکەو بازدان بۆ کەسەکان. چونکە، ڕەخنە بەو مانایەی دەبێتە هەڵوەستنواندن لەڕی دروشم و قسەی جوانەوە. ئەمەش گێژاوێکە نووسینی کوردی بەخورتی تێکەوتووە: ڕەخنە بۆتە سادەکاری، ڕاوەشاندن و فڕدانی ڕاوبۆچوون. ئەو جۆرە ڕەخنانە ڕووشاندنی بابەتەکانە لەسەرەوەو لەدەرەوەڕا. قسەکردن لەسەر ئەکتەرەکان، نەک کێی شانۆی ڕوداوەکان و خودی کێشەکان لەناوەڕا.

لێوانێشی هەڵگری بڕوانامەی باڵان، خاوەنی چەندان کتێب و وتارن، دەیانوەڕ ڕکابەرەکانیان بگەڕانوە بۆ پاشخانی تیۆری زانستی بیرمەند، کەمەڵناس و سیاسەتناسەکانی خۆرئاوا چەک بکەن. جگەلەوەی لافی زانستی بوون، بابەتیبوون و شارەزایی و کۆرسەی مەعریفییان دەوەڵمەندە، بەهەی زانینی زمان و خوێندنەوەی سەرچاوە بزمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و هتد، دواجار، دەخوازن ببنە دەسەڵاتێکی–ئۆتۆریتەیەکی- ڕەشبنیریی و کەهەموو شتێک لەدیدو ڕوانگەی ئەواندا نەبێت و نەگونجێت مایەی ڕەتکردنەوەبێت.

سەرباری ئەوەی نووسیەکانیان جیدیەت و پڕڕشی، پشتبەستوون بەتەزو تۆرەخۆرئاواییەکان. هەبەت، ئەمە کێشەنییە لەخۆیدا، چونکە، ئاگاداری و ڕەشنبیریی جیهانیانەکیان، ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو دونیایە. بەڵام، پەدەچێت لەوەدا وەرگڕی پوختەی تێزەکانبن، بێ لەبەرچاوگرتنی پاشخانی تۆرەکەو شیاوەتی لەخوێندنەوەی کەمەگڕیەکی خەرهەڵاتی وەک ئەمەدا. بەڵام، ڕاستەوخۆ دایدەسەپێنن بەسەر کۆنتەکستێ کوردستانییەکەدا. ڕەنگە، بەشکی لەبەرئەوەبێت ئەو ڕەشنبیرانە باوەڕیان بەدابەشکاری خەرهەڵات و خۆرئاوا نەبێت. لەسەروو سنووری کولتوورو ئیتنینی و نەتەوەییەکانەوە بیربکەنەوە. جۆرێک ڕەهاگەری گەردوونی هەقیقەتی تیۆری و زانستیان تێدابێت. بەڵام، ئەوەش پارادۆکسەکە کە نووسەرێک بەدیدکی ڕیژگەریی پێستمۆدێرنانە بیرکاتەوە، بەڵچاوکردنی تایبەتمەندی کولتورەکان بەوجۆرە بنووسێت. لەهەمانکاتدا هەر ئەو ڕەشنبیرانە هەڵگری بیری جیاوازی کولتوریی، ڕەزی کەمینەو یەکسانی دەکەنە ڕاستییەکی ڕەها!

-_____

Collins English Dictionary – Complete & Unabridged 2012 Digital Edition© William Collins Sons & Co. Ltd. 1979, 1986 © HarperCollins Publishers 1998, 2000, 2003, 2005, 2006, 2007, 2009, 2012. http://www.dictionary.com/browse/fixed-idea

http://www.upenn.edu/pennpress/book/15361.html
https://CHOMSKY.INFO

https://www.britannica.com/biography/Raymond-Claude-Ferdinand-Aron#ref150422

هەنگاوی دووەمی فیستڤالی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی، لە حەوت ڕۆژدا … عەبدولوەهاب شوانی*

خوێندنەوەیەکی هونەرمەندانە، بۆ تاکی کۆمەڵگەی کوردی …

بەدەر لە کاریگەرییە ئاینی و کەلتووری و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بەدەر لەخوێندنەوەی کەسی و بۆ گشتاندن و بەڕەها قسەکردن، بگرە لە ڕوانگەی دیدگایەکی واقیع بینانە و ڕاستگۆیانە و سەردەمیانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و کارزما کوژە، تاك لەسەر بنچینەی" (تێڵە و ڕق و جیاوازی) پەروەردە دەکات، کۆمەڵگەیەکە کە (سوپاس و دەست خۆشی و ببووڕە) نەبۆتە کلتوور تیایدا.

بۆیە ئەم فەرهەنگە خراپە لە نێو هەموو کایە (ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری) کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم" هەنگی داوەتەوە، کە کۆمەڵگەیەکە تاکەکانی قەبارەی خۆیان نازانن هەمیشە گەورەتر لە قەبارەی خۆیان و بەرزتر لە بەژنی خۆیان دەدۆن و بەرزدەبنەوە، تاکەکانی هەرگیز بەرگەی بچوکترین هەخنە و کەمترین فەرامۆش کردن ناگرن و دەتەقنەوە و باش و خراپ تێکەڵ دەکەن.
لەم کۆمەڵگەیانە هەرگیز دەست خۆشی و پشتگیری نەبۆتە کلتوور،

چونکه پەروەردە لە هەگەوە تاکەکی دڵ گەورەی درووست نەکردووە بۆ نێو کۆمەڵگە کە گیانی هاوکاری و ڕێزی تیدا ئامادەبێت.

تاکەکی بەرهەم هێناوە لەخۆشی لە خۆبایی دەبێت و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نامێنێت و قەبارەی خۆی وون دەکات، لە هەمان کات لە ناخۆشی ئاگای لە خۆی نامێنێت و بەهەمان شێوە قەبارەی خۆی وون دەکات و دەیان هەس و کەوتی سەیری لێ دەردەکەوێ.
لەم کۆمەڵگەیانە تاکەکان دەیانەوێ بە کەمترین ماندووبوون، زۆرترین شتیان دەست کەوێ، بە کەمترین توانا زۆترین دەسەڵاتیان هەبێت، بە کەمترین تەمەن زۆرترین بەرهەمیان هەبێت، بە کەمترین هەوڵ زۆرترین دەستکەوتیان هەبێت.

لەم کۆمەڵگەیانە، کەسانێك لە هەوڵ و تێکۆشان و شەونخویندان کەچی کەسانی تر لەسەر خوانەکان بە قات و ریباتەوە دەبینرێن.
هەمیشە لەم کۆمەڵگەیانە، یاریزانە ڕاستەقینەکان وون دەبن و یاریزانە یەدەگەکان دەبینرێن و دەست خۆشیان لێ دەکرێ و ئەوان دڵنە پشەوە و پاڵەوانەکانیش دەکشێنەوە و گۆڕەپان بۆ ئەم یاریزانە خراپانە چۆڵ دەبێت.

بەو ئەزموونەی لە فیستڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان لە هەولێر هەمەوەك بەڕێوەبەری کارگێڕی و ئەوەش کە لە فیستڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی وەك میوانی حەوت ڕۆژ بینیم، ووخساری کارەکتەری کۆمەڵگەی کوردیم زۆر جوان بێ دەرکەوت کە بەشی دەیان توێژینەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی دەکات ، ئەو خوێندنەوەی منیش هەر تەنها بۆ کارەکتەرەکانی بەشداربووی نێو ئەم فیستڤانەیە و ئەوانەش کە لەدەرەوەی فیستڤاڵەکان دەیانەوی بە هەموو شێوەیەك لە فیستڤاڵ بدەن و ووخساری فیستڤاڵەکان ناشیرین بکەن.

فیستڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی لەم خولەیدا بەژن و باڵای بەرزتر دەرکەوت لەگەڵ ئەم هەموو ڕوداوانەی هاتنە پێش، یەك لەوانە" وەفاتی جەنابی سەرۆك مام جەلال، بەڕام ڕازاوەیی و شۆخ و شەنگی و بەژن و باڵای زراڤی فیستڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی سلێمانی وەك ڕۆژی ڕووناك دیاربوو، هەندێ کەم و کورتی و کێشە لە پڕ دروست دەبن لە گشت فیستڤاڵەکانی جیهان، بەڕام ئەمانە هەرگیز نابێت گەورەتر بکرێن لە قەبارەی خۆیان و لەبەرچاوبگیرێن لەچاو فیستڤاڵێکی گەورە کە ئامانجی زۆر مەزنتری هەیە، گەورەکردنی ئەم کەموکورتیە بچووکانە و بچوککردنەوەی ئەم پەیامە گەورەی کە فیستڤاڵ هەیگرتووە لە عەقڵ و زیهنی تاکی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات

هەمیشە ئامادەگی هەیە.

لەم کۆمەڵگەیانە یەك سیاسەت پەیڕەودەکرێ ئەویش ئەوەیە بۆ من نەبێت، نابێت بۆ کەس بێت، یاخود ئەگەر خەڵاتی فیستقاڵ بۆ من بوو، فیستقاڵێکی باشە، ئەگەر بۆمن نەبوو زۆر خراپە، لەژێر کارلێکی تەسکی بەرژەوەندییە کەسییەکان لە فیستقاڵ و کایەکانی تر دەڕوانن.
فیستقاڵ منی تیدا نەبوو خراپە، و بگرە هەرچی عەیب و عارە دەیخاتە پاڵی و ئەگەر منیشی تیدابوو زۆر باشە.
ئەمە هەر ئەو تەمەتیە دەخرێتە پاڵ فیستقاڵی فیلمی نوودەوڵەتی سلێمانی و فیستقاڵەکانی تر، لە کاتێك سینەماکار و هونەرمەند کە فیلمی بەشداڕە، دەبێت بەهەموو ئەنجامێکیش رازی بێت، ئەوە لەژنەی دادوەرانی فیستقاڵە لەژێر چەند یاسا و ڕێسایەك بڕیاردەدەن کەوا کێن ئەوانەی خاوەن براوەی خەڵات، نەوەك میزاجی کورتبینی چەند کەسێك.
ئاخر لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم، زۆربەی تاکەکانی بە چەندین ماسك دەردەکەون و تۆ هەرگیز ڕووی ڕاستەقینەیان نادزیتەوە ئەوان لە پشت سەدان ماسك و دەمامك خۆیان شاردۆتەوە و زۆر جاریش کە ئەو ماسکە دادەماڵرێت و حەقیقەتی ئەو کارەکتەرانەت بۆ دەردەکەوێ کە بۆنی گەنیویان سەد ڕۆژ دەڕوات و لە گەورەیی مرۆڤ بوون کەم دەکەنەوە و دەبنە نموونەیەکی زۆر خراپی مرۆڤ و لە مرۆڤ بوون بۆ ئومێدمان دەکەن و لەم قەرەباڵغیەوە هەستی تەنیایی دامان دەپۆشێت و نامۆبوون هەناسەمان پێ دەکات و دەگەڕێتەوە ئەو بۆیارەی بە تەنیا دەبێت هەنگاو بنێین و بەسەر پلیکانەکانی سەرکەوتن بڕۆین.

ئاخر هیچ کاتێك بۆ ئەوەی شاعیرێکی باش بیت پێویستت بە بڕوانامەی بەشی کوردی نیە لە زانکۆ، بۆ ئەوەی گۆرانی بۆژێکی بەنرخ و سەرکەوتووبیت پێویستت بە بڕوانامەی هونەرەجوانەکان بەشی موزیك نیە، بۆ سینەماش بەهەمان شێوە, چونکە هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە دەبێت لە زاتی تۆ دابن، بە کاغەزێکی ئەی فەر ئەوەی لە زیهنت هەیە زیاد ناکات ئەگەر هونەر لە وجودی تۆ نەبوو، ئاخر کەسێك نەتوانی دوو ڕستەی جوان بە زمانی کوردی دەربڕێت چۆن دەتوانی تۆ دوو دڕ شیعری جوان بنووسێ، ئەگەر سینەماکارێك دوو خەیاڵی جوانی نەبوو، دوو ووشەی جوانی دەست نەکەوت لە خەیاڵ و دوو ڕستەی جوانی پێ نەخوڵقا، قوڵایی نەبوو لە بیرکردنەوە و قسەکردن چۆن دەتوانێ دوو کاری جوان بهێنتە بوون، خۆ (یەماز گۆنەی) کە بە باوکی سینەما کوردی دەناسرێت، دەرچووی بەشی یاسا بوو، ئەوەی یەلماز گۆنەیی

دروووست کرد بۆوانامەی بەشی سینەما نەبوو، نەخێر ئەزموون و خەیاڵ بەرزی و قووڵایی زیهنی ئەوبوو بۆ هونەر و سینەما و سینەما لە زاتی ئەو بوونی هەبوو.

مرۆڤ قووڵایی نەبوو نەبوو ناتوانێ کاری جوانیش ئەنجام بدات، ئەوە بۆ هونەرمەند و سینەماکار زیاتر پێویستە ئەم قووڵاییە، چونکە لە هونەر تەنها قووڵاییت پێویستە لەگەڵ ئەزموون.
بۆچی کەم کاری سینەما ئێستا ئامان دەچەکێنێ، وەڵامەکەی ئاسانە چونکە قووڵایی تیدا نیە تەنها بەڕووکردن و زیاتر کردنی ژمارەی فیلمە و پڕکردنەوەی سی ڤی یە و هیچتر.

فکتێ هەگێ دەڵێت: جوانی با نەبێت، ئەگەر هەشە دەبێت ئاچەکێن بێت، زۆربەی ئەوەی دەیبینن لە هونەر و لە سینەما و موزیك جوانی نیە، بەیە ئامان ناچەکێنن.
کاتێك سینەماکارێك تەنها لەبەر ئەوەی فیلمەکەی وەرنەگیراوە لە فیستڤاڵ یاخود وەرگیراوە و خەڵاتی نەبردووە، فیستڤاڵێك دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەکاتێك ئەو بۆ جارێکیش بیری لە قەبارەی خۆی و قەبارەی کارەکانی خۆی نەکردۆتەوە لە چ ئاستێکە، ئەوەی گشت کایەکانی لەم کۆمەڵگەیانە ئیفلیج کردووە و تووشی نەزۆکی کردوون، تێنەگەیشتنە لە قەبارەی خود و قەبارەی کار، ئەوانەی کە قەبارەی خۆیان نازانن ئەوانە خەمبارترین کارەکتەرەکانی نێو کایەی هونەرن، ئەوانە لە جێگەی خۆیان چەقیون و هەنگاوی بەرزتر ناتوانن بهاوێن، چونکە جێگەکە لەبەردەمیان جێشن نیە.

ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ بەیە دەمەوێ لە کۆتایدا قسە لەسەر لایەنی کارگێڕی فیستڤاڵ بکەم، کە لەم جووەوە فیستڤاڵی فیلمی نوودەوڵەتی سلێمانی" ئاستێکی زۆر بەرزی پێوەدیاربوو، بەهۆی بوونی ستافی کاری فیستڤاڵ و ستافی خۆبەخشی فیستڤاڵ کە هەموویان بە سیستەم کاریان کرد و هەموو ئاستی خۆیان و پسپۆڕی خۆیان و شوێنی کاری خۆیان و سنووری کاری خۆیان دەزانی، ئەگەر نەبووبن بەهۆی ئاسانکاری بۆیەکتر هەرگیز نەدەبوونە بەربەست بۆ هاوکار و هاوڕێکانیان، ئەم جووخشی یە لە جووخساریان و ئەم جێزەی لە میوان و سینەماکارانیان دەگرت نیشانەی کۆمەڵگەی زیندوو و شارستانی و جێشنبیری شاری سلێمانی بوو و لە هەمان کات خاڵێکی گرنگی سەرکەوتنی جووی ئەتەکێت و لایەنی کارگێڕی فیستڤاڵ بوو.

مامۆستای ئاستەقینە خاوەن ئەزموونەکانن، بەڕوەبەرانی فیستڤاڵ سەلماندیان ئەوان مامۆستای ئاستەقینەن، سەلماندیان کەوا سلێمانی

پایتەختی ڕۆشنبیرییە و هەموو هەنگاوە گەورەکانی هونەر و فەرهەنگ و کلتووری لەوێوە سەرچاوەدگرێ و هەنگاو دەنێ.
فیستڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی هەنگاوی گەورەی نا و لە داهاتوو ئەگەر بەم گووتینەوە بەردەوام بن و هەنگاوەکان بەرزتر دەبنەوە جگەی ئومێدی ڕاستەقینەی هونەرمەندان و سینەماکاران.

* نووسەر و دەرهێنەر، ماستەر لە یاسا و کارگێری گشتی

پیاوێ بنجگۆباکێ ... ئێمجێد شاکێلی

سەشەمەی 26ی سێپتەمبەری 2017، یەک ڕۆژ دوای گشتپرسییەکەی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، لە بەردەم خواردنگەیەکی گچکەی فەلافیل(فلافل) لە ستۆکهۆڵم، کە خاوەنەکەی عیراقییەکی عەرەبە، دانیشتووم و خەریکی خواردنی فەلافیلم. پیاوەکی پانتۆڵ و چاکێت لەبەری، سەر و ڕوخسار سپی، باڵا ناوەندی، چاویلکە لەچاو، تەمەنی نزیکەی 77 ساڵ، لەگەڵ گەنجێکدا، کە پێدەچوو باوک و کوڕ بن، لە بەردەم خواردنگەکەدا ڕاوەستان و گەنجەکە پیاوەکەی بەجێهێشت و پێیگوت، کەمێکی تر دەگەڕێتەوە لای.

بۆ شوێنی ئاخاوتنەکەیان دیار بوو خەڵکی سلێمانین. پیاوەکە بە عەرەبییەکی ڕەوان, لەگەڵ خاوەنی خواردنگەکەدا، کوتە قسان و داوای خواردنەکەی کرد و لێ پرسی، خەڵکی کوێیە، ئەویش لێ وەڵامدا گوتی، خەڵکی دیالا و باقوبە(بعقوبە)یە. پیاوەکە، هەناسەیەکی گەرمی پێ بە سینگی هەڵکێشا و لەتێک یەک تەپڵە ئاخ و ئۆف و مخابن و بەداخەوە و حەیفدا دڕاندی، دەتگوت کەستکی گەورەی کەووتووە و نزیکترین و خۆشەویستترین کەسی مردووە.

بە گەرووێکی نووساوی خەماوی و پڕ لە گریانەوە، بە خاوەنی خواردنگەکەی، نێک جارێک دەیان جار گوت: وەی بەداخەوە بۆ ئەو عیراقە، دێک حەیف بۆ ئەو عیراقە، وەی کوڕاییم دابێت بۆ ئەو عیراقە، بریا قەت ئەم ڕۆژەم نەدیتبایە! خاوەنی خواردنگەکە لەی

پرسی، ئەو خەڵکی کوێیە، ئەویش گوتی: سلێمانی.

تە ئەگەر لەوناوە بووایەیت و تەنیا گوێت لە ئاخ و ئەفی پیاوەکە بووایە، واتدەزانی، لە کۆنە بەعسییە عروبییە وەحدەوییەکان یا قەومییە عەرەبییە ناسرییەکان یا ئەندامێکی حیزبی دەعوەی ئیسلامی یا عەرەبێکی موسڵاوی، باقووبەیی، فەللووجەیی بەسرەیی یا پسمامی زەعیم سددیق و عەلی حەسەن مەجید و مولازم موحسینە. پیاوەکە بە ئاخ و ئەفەوە نەوستا، ئەوجا یەک شیعری عەرەبی، نزیکەی هەشت نە دێی، بە عەرەبییەکی جوان و پوختە، کە پسنی بەغدا و عیراق و مەژووی عیراق بوو، بەسەردا کرد و خۆش خۆشیش دەیگوت: ئاخ بە بەغدا، کە هەموومانی کەکردبووەوە، حەیف بە بەغدا، کە پایتەختی هەموومان بوو، وای بە عیراق، کە وڵاتی هەموومان بوو، ئەف بە عیراق، کە وای بەسەر هات و خەڵکانی ناپاک و خراپەکار و دەستی دڕەکی و سیخوە و بەکرێگیراو خەریکن تکەی دەدەن و بەشبەشی دەکەن! خاوەنی خواردنگەکە، هەر گوێی دەگرت و پیاوەکەش هەر قسەکانی خێی دەکرد.

بە سەروسیما و عەرەبیزانینەکەی، پیاوەکە، لە کۆنە مامۆستایەکی زمانی عەرەبی، یا کارمەندێک، کە چەند ساڵێکی ژیانی لەگەڵ عەرەبدا ژیابێ، دەچوو. کە گوێم لە قسەکانی بوو، بە خەمم گوت تە بڵێی ئەم پیاوە خەڵکی ئەو سلێمانییە بێت، کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەبارەیەوە گوتوویەتی:

لەبیرم دێ سوڵەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نەمحکوومی عەجەم نەسوخرەکەشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بە ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بە مەجلیسی پاشا
سەدای مەزیقا و نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درەغ بە ئەو زمانە ئەو دەمە ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
کەمەیدانی جریدبازی لەدەوری کانی ئاسکان بوو !

تە بڵێی خەڵکی ئەو سلێمانییە بێت، کە یەکەم پێتەختی یەکەم شانشینی کوردستان بوو، کاتێک شێخی نەمر، مەلیک مەحموود، یەکەم شای کوردستان بوو لە مەژوودا!
تە بڵێی خەڵکی ئەو سلێمانییە بێت، کە پێی دڵێن: شاری هەمەت و قوربانی و شاری پیرەمەرد و حەمەساڵح دیلان!
تە بڵێی خەڵکی ئەو سلێمانییە بێت، کە فایەق بەکەسکی تێدا هەڵکەوتوو، پێنجەی کردووەتە چاوی ئێدمەندزی ئینگلیزی داگیرکەردا

و پەی گوتووە:

بیست و حەوت ساڵە من ئەنجبەری تەم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خەم
خزمەتم کردی لە ئەران و ئەم
لە پەناوی تە شکاوە ئەستەم
کەچی هەشتا هەر دیل و ئەنجەمم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بە چی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

تە بەی ئەو خەڵکی ئەو سلەمانییە بەت، کە پەش نزیکەی سەدساڵەک، دژی لکاندنی باشووری کوردستان بوو، بە عیراقەوە!
بە من، نەوا! بە من، ئەو خەڵکی ئەم سلەمانییەیە، کە کەمترین ئەژەی خەڵک تەیدا 50%ی لەگەڵ سەربەخۆییدا بوون و ئەوەیشی دەنگی بە سەربەخۆیی دا، خەڵکە هەژار و کارگەر و شەکەت و جەرگسووتاو و تامەزرەی ئازادی و نیشتمانپەروەرکانین، دەنا ئەندامان و هەوادارانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی سلەمانی، نە تەنیا لە سلەمانی، بەڵکە لە تەواوی ئەو دەڤەرەی بندەستیان بە گەرمیان و هەورەبجەیشەوە، مەگەر دانە دانەیەکیان، دەنا شتاقیان دەنگیان بە بەڵێ بە سەربەخۆیی نەداوە و ئەگەر بەشداریی گشتپرسیەکەیشیان کردبەت و پەنجەی مەرکراویشیان لە میدیاکانەوە پەشانی خەڵک دابەت، ئەوا بە نەخێر یا بە سپی دەنگیان داوە. ئەو خەڵکی ئەم سلەمانییەیە، کە سەردارانی نەیانگەرەکە لە عیراق دوورکەونەوە، بەڵکە دەیانەوە لە هەولێر دابەزن! ئەو پیاوە فەلافیلخۆرە گرگنە، کورتەبە، گزگلە، بنجگەباڵەیە، خەڵکی ئەو سلەمانییە نەبوو، کە میلیەنان کورد، بە خەیشمەوە، هەمیشە، وەک ئاگرەکی زیندوو و لانکی داهەنان، سەیریان کردووە، ئەو خەڵکی ئەم سلەمانییەی ئەمە بوو.

26 – 09 – 2017

کەی پەرلەمانی کورددستان بەیار

لەسەر ئەنجامی ریفراندەم دەدات؟؟ … عەلی مەحمود محەمەد

سەشەمە 10-10 کەمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان ئەنجامی کۆتایی ریفراندەمی 25ی سێپتەمبەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی بە واژۆی سەرجەم ئەندامانی لە 5 حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستانی بڵاو کردەوە, پاش پشکنینی تانکان لە دوو هەفتەی رابردووداو پەسەند کردنی لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری و دادگای پداچونەوەو دەستەی دادوەری هەڵبژاردن و راپرسی, ئێستا ئامارەکانی ئەنجامی راپرسی فەرمی و دان پێنراوە لە لایەن 5 پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان و سستەمی دادوەرییەوە, ئیتر کاتی ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوەیەکی تایبەت بۆ ئەنجامەکانی ریفراندەم ساز بکات و بڕیاری لەبارەوە بدات, چونکە ریفراندەم بۆ ئەوە نەکرا ئەنجامەکەی لەسەر رەفکان هەڵبگرترێت و تاز لەبی بنیشێت, هەرچەندە هێشتا زووە باس تاز لەنشتن بکەین, کاری پەرلەمانیش هەر وەك پێلیسی هات و چێ نییە نیشانەی ئەنجامدانی بدات, بەڵکە کارە گرنگەکەی ئێستا دەست پێدەکات کە ئەنجامەکە ببات بواری پراتیکەوە و بڕیاری لەسەر بدات, ویست و داخوازی زۆربەی خەڵکی کوردستان لە رێگای سندوقەکانی راپرسییەوە دەرخراوە کە 92,73%ی هاووڵاتیانی کوردستان بەم ژینگە سیاسییە پێ تەنگژەوە هێشتا پشتیوانی لەکراوە, بە جۆرێك هەرچەندە ئیرادەی سیاسی یەکگرتوو نەبوو بۆ پشتیوانی لە پرسەکە و مۆتەی گەندەڵی دەسەڵاتداران و دکتاتۆریەت و هەژموونی وڵاتانی هەرەمی و دەستوەردانی حکومەتی عێراقی لە ناوەوە مۆترسی بوون بەسەر پرسەکە, وەلە گۆڕەپانی خۆنە لە مۆژینەکە, زۆرینەی گەلی لە دۆر کەکردەوە, وەك ترسی گۆڕە لە کردنی کوردستان بە غەزەو شیشان لە لایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە, بە سپاندنی ئابلوقەیی بازنەیی و هەرش و پەلاماری سەربازی, کە لە رابردووداو ئەم وڵاتانە زۆرترین شیوەنیان بۆ ئەو دوو شۆنە کردووە, وەك ئەوە هەموو ترس و ئاسنگیەکان وەلە خۆنە ناسیونالستیەکەی لە دور نەخستنەوە .

ئێستا نە بڕیاربەدەستانی سیاسی کوردستان و نە پەرلەمانە بەوحە نیمچە ئیفلیجەکەی توانای هەوشاندنەوەی بڕیاری ریفراندەمیان نییە, وە بە سەرخستنە ژێر لمیشەوە ناتوانن خۆیان لە مۆتەکەی ئەنجامەکانی بشارنەوە, ئەگەر لە یەکەم چرکەکانا 92,73% سەرکەوتن

بوو بۆیان, ئەستا جێبەجێکردنی بڕیارەکە بە بڕیاردان لە سەر بڕیارێ گەورەکە, تەنها لە رێگای ریفراندۆمکی دیکەوە نەبێت ناتوانن خۆیان لە مەترسکی گەورەیی 92,73% دەنگدەرانی راپرسییەکە رزگار بکەن, ئەویش بەدی نایات و کەسیش جورئەتی ئەوە ناکات بانگەشەی ریفراندۆم بە لە گەڵنانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان سەرکردایەتی بکات, چۆن دەنگی نەخێر بەم هەموو ئاڵۆزی و هەڵوێشاوە کشانەوە, بەو بەرفراوانی دەنگی نەیارییەوە کە لە ناو کەمپەگای کوردی و پێکهاتەکان دیکە هەیبوو, هەشتا بە قازەمی مایەوە, بۆیە دەبێت گفتوگۆکان پەرلەمان بە ئاراستەی بە پراتیککردنی ئەنجامی ریفراندۆم بە سەربەخۆیی کوردستان بێت و نەخشە رێگایەك بە جێبەجێکردنی دابڕژن لە زوترین کاتدا خۆیان لەو کێبونەوە گەورەو چارەنوسسازە نەدزنەوە . بە ئەم مەبەستە پێویستە بە زوترین کات پەرلەمان کەبێتەوە و بڕیار لەسەر ئەنجامی ریفراندۆمی کوردستان بە سەربەخۆیی بدات, بە جێبەجێکردن یاخود هەڵپساردنی بە کاتکی دی یاخود گفتوگۆ کردن لە سەر رێکەوتن لەسەر بژاردەیەك باباتر لەوەی ئەستا هەیە بە مەرجی گرنتی نێونەتەوەیی و هەڵگرتنی هەڵوێشەی حەشدی شەعبی و قاسمی سلەمانی لەسەر خەڵکی کوردستان. داوایەك کە وەاتانی هەرەمی هەیانە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندۆم لە دەستی کەسدا نەماوەو بۆتە ئیرادە لە رێگای دەنگدانی 92,73% هاووەاتیان بە سەربەخۆیی کوردستان, کات بەسەر بردنیش بە خەشاردنەوە لەو ژمارە گەورەیە دادی هیچ لایەك نادات, خەڵکی کوردستانیش نابێت دەستکەوتی چۆنە سەر سندوقەکان نەدورنەوەو خۆونی 26ی سێپتەمبەریان لە گەڵ نرەت بە سات و سەودا کردن بە دەنگکانیانەوە .

حەزدەکەم ئەوەندە بژیم ... سەباح نەجدەر

[بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئەرەبکەن ...]

گەمە قورسەکە نزیك بۆتەوە -١- ... سەردار جاف

(بەشی یەکەم / بەرایی)

ئەو رەوشە سیاسییە ئاڵۆز و چڕوپڕ و تەونی جاجاڵکییە رووی لە خڕهەڵاتی ناوین کردووە، و کوردیش یاریزانێکی باش یان خراپی نێو ئەو گەمە قورس و قووڵ و گەورەیەیە، کە ڕۆژ دوای سەختتر و ئاڵۆزتر دەبێت، ئاخۆ سەرەتای کۆتایی هاتنی سایکس _ پیکۆی سەدەیەك لەمەوبەرە ، یا نەخشە ڕێگایەکی تازەیە بە پێی سیستەماتیکی گونجاو لە تەك بیرو دیدە جیاوازەکانی وڵاتانی زلهێز و هێنانە کایەی ڕکەوتنێکی دیکەیە لە بارەی دەڤەرەکەوە یان دەسکاریکردنی چەند بەندێکی سایکس _ پیکۆ دەبێت، بە هەر حاڵ گۆڕانێك ڕوو دەدات و هەموو جگە لە وڵاتانی هەرێمایەتی پڕ دەچێت هەموو کێك بن، ئیرە بۆتە جمەی تەواوی جەو کێش و لەشکرکێشی وڵاتانی دونیا، سەرەڕای ئەوە هەرەشە گەورەکە لەم سنوورەوە وا نیشانی دەدەن دوور بێت و بەردەوامیش باس لە تەنگژە و قەیرانێکی سەربازی و سیاسی گەورەی وەك هەرەشەکانی سەرکی کوریای باکووری هەرزە و گەنج دەبێتە مانشێتی هەواڵە پڕ قەیراناوییەکان، کەچی پڕ دەچێت ئەوەیش لە نێو گەمەکەدا یاریزانێکی دیکەی سەرنج راکێشی پەیگیرانی ڕەوشی سیاسی جیهانی بن ...

ماوەیەکیش سەرنجی دونیا بەلای قەیرانی قەتەر و وڵاتانی کەنداو تەنگژەی لاگیری ئەم وڵاتە لە گروپە توندئاژۆکانی ناوچەکە نیشان دا، گەمارۆکان و گەیشتنە ئاستی بەکارهێنانی هێزی سەربازی وای کرد، ئیران دەرگای ئابلۆقەی ئابووری لە ڕێی دەریاوە بە رووی قەتەرا بکاتەوە و تورکیایش لە ڕێی ئاسمانەوە هەم دەرگای گەمارۆی ئابووری بکاتەوە هەم هێزی سەربازیش، لە هەموو حاڵەتەکانیش ئەوە مەبەست بووە تورکیا و ئێران لەو چوارچێوەیە بئاڵێنن، تاوەکو ئاڵۆسکاوی ناوچەکە ئەو دوو وڵاتە زیاتر بگرێتەوە وەڵێ وا هەست دەکرێ پێویستە قەبارەیان بچوك بکرێتەوە و پەلهاویشتنیان بۆ ناوچەکە بەرتەسك و نەمان بکرێتەوە، بنەمایەکیش لە سیستماتیکی جیهانیدا هەیە هەر شەڕێکی گەورە بۆتە مایەی بچوك کردنەوە و بینی دەستی چەندین وڵات لە داگیرکردنی وڵاتان و قورخکردن و بەرتەسك کردنەوەی لە چوارچێوەی دوو یا نسێ دەوڵەتێکی زلهێز و دواجار و لە

کۆتاییشدا لە یەك وڵاتدا پەنگ بخواتەوە، ڕەنگ ئەو گوتەیە جێبەجێ دەکرێ کە دەڵێ ((پەرت بکە سوود وەرگرە)) بۆیە پەرتکردنی وڵاتانی ناوچەکە پێدەچێ مەحاڵ نەبێت هەنگاوەکان دەستی پێکرد بێت.

هێژەمۆنیاتی ناوەندیست … ئاسیا ئەمینی

شاعیری ئێرانی: خاتوو ئاسیا ئەمینی
وەرگێڕ : نەژاد عزیز سورمێ …

چەك
لە هێژەمۆنیاتی ناوەندیستدا
هەڵپ بووە . .
چەك لە هێژەمۆنیاتی ناوەندیستدا
دەگاتە لووتکەی ئێرگازم ..
لە هێژەمۆنیاتی ناوەندیستدا
چەك دەپەڕێ..
بزنسمانەکان
پەیامبەری هێژەمۆنیاتی ناوەندیستن
لەشفرۆشەکان
لە هێژەمۆنیاتی ناوەندیستدا
دەبنە قدیس
هێژەمۆنیاتی ناوەندیست
بە ئاسانی دەوروژێنرێ
کە ئاسمان هەمیشە پەیامبەرایەتی پێیە ..

خوداوەند دێتە هێژەمۆنیاتی ناوەندیست
داخۆ ناوی بنێم دێی جیهان
یاخود (هین) ی زەوی ؟
سنووری نێوان خۆشەویستی و شەهوەت
هەندێ جار لە گوللەیەك زیاتر نییە .

_____

ئاماژە :

(هین) لە باتی (مهبل) ی عەرەبی بەکار هێنراوە .

لە گۆڤاری (کیکا) وە کراوە بە کوردی .
بڕوانە:
http://www.kikahmagazine.com/?p=3996

بەرژوازی دەسەڵاتداری هەرێم و سەربەخۆیی! … سابیر محەمەد

فریودانی جەماوەری خەڵکی کوردستان بە ناوی سەربەخۆیی کوردستانەوە ، پێیوەندی بەیەک مەسەلەی گرنگی چینایەتی خودی پارتی و یەکێتی و گەلان و حیزبە ئیسلامیەکان و پاشکۆ کانیانەوە هەیە ؛ ئایا خودی ئەم حیزبانە سەربەخۆن تا بتوانن داوای سەربەخۆیی بە جەماوەر بکەن ؟! هەموو کەسێکی سادە ئەزانێت کە ئەم حیزبانە جەوی کاروبارو تەنانەت سەرچاوەی مالی و دەرامەتکەیان پێیوەندی بە ووڵاتانی دراوسێ و جیهانەوە هەیە ، پێیوەندی بە بکرگیراوی ئیمپریالیستیانەی ئەوانەوە هەیە بە ئەمریکاو ئەوروپاو ڕوسیا و ئێران و سوعودیە و ئیسرائیل و تورکیاوە هەیە ، کاتێک کە بڕیاری سیاسی لە دەستی خیاندا نەبێت و ئەوان تەنها هەیکی ڕاپەاندنی سیاسەتکانی بەرژوازی جیهانین لە ناوچەکەدا ، چۆن ئەتوانن داوای سەربەخۆیی بە هەرێم بکەن ؟! یان ئەوان ئیانەوێت وەک بەرژوازی کوردی لەناو ئەم تەڵەجیهانیەی سەرمایەداریدا ئیمتیازاتی زیاتریان دەستبکەوێت .

ئەم بەرژوازیە دەسەڵاتداریەی کورد لە بەر ئیفلاسی سیاسی خۆیی و داماوی لە ئیدارەی ئەو ناوچەیەدا ئەم شیعارە فریودارەی بە رز کردەوە .
لەم نەوەدا ئەو ئەپارتەنیستانەی کە بە ناوی دیمەکراتیەت و سەکولار و مەدەنیەت و کەمۆنیزم و شیوعیەتەوە چوونە پشتی سیاسەتکانی ئەم دەسەڵاتدارانەی کورد ، بەشکی ئەگەڵتەوە بە پاراستنی بەرژەوەندی

خەیان لەناو ئەو دەوڵەتە فریودەرەی حیزبە کوردیەکان بانگەوازیان بە کرد ، بۆشکەی تریشی ئاگادارکردەوە بە وابەستەبوونیان بە ئەپۆزیسیۆنی ئێرانی لە هەرەم و بوونی بەرژەوەندی هاوبەشیان لە گەڵ پارتی و یەکێتی و گۆران و حیزبە ئیسلامیەکان ، کە کۆمکی مالی و سیاسی لە دەسەڵاتدارانی هەرەم وەرئەگرن لە بەرامبەر پشتیوانی ئەوان بە سیاسەتکانی دەسەڵاتدارانی هەرەم ، وە هەوڵدان بە پاراستنیان لەدەست سەرکوتی جومهوری ئیسلامی .

ناو نانی ئەم پرسە فریودەرەی (سەربەخۆیی کوردستان) بە مافی ئازادانەی خەڵک لە دەنگدان و ڕیفراندەمکی تەکشکاو و گاڵتەجاڕ ، هیچی تر نییە تەنها دیوکی قەزەونی ئەپارتەنیستانەی ئەو هەزانەی کە بەناوی چینی کرێکا رو مافی خەڵک و کۆمەنیزمەوە جاماوەر فریو ئەدەن بە مانەویان لە ژێردەسەڵاتداریەتی پارتی و یەکێتی و گۆران و حیزبە ئیسلامیەکان لەو ناوچەیەدا .

صابر .م

کاریکاتێر .. پێمووچی ڕەخنە هەندرێن خۆشناو …

ئەوەی کە هیچ شک و گومانی تێدانیە، ئەویە کە ئازادی ڕەژنامەگاریی بنەمایەکی سەرەکیە بۆ ئەفراندن و بەرەوپێشوەچوونی هونەری کاریکاتێر، ئەو هونەرەی کە فرتەی کرد بەرەو چەندین ئاسۆی نوێ، لە سایەی پشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرپاکردنی ئەو شۆشە مەزنەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو شۆشەی کە بۆتەکەی لە ژێر پێی بەرپرسانی ڕاگەیاندن و سەرنووسەرانی ڕەژنامەکان دەرهێنا، ئەو بەرپرسانەی کە ڕەخنەیان قبوڵ نەبوو، و بە ڕەخنە قەڵس دەبوون، بەهۆوسی خەیان ڕەیان لە بەاوکردنەوەی کاریکاتێر دەگرت، ئاشکراشە ئەو بوارەی کە ئازادی تێدا فراهەم نەکرێت ئەستەم ڕەخنەی تێدا قبوڵ بکرێت، بەتایبەتیش
ڕەخنەی گاڵتەجاڕیی، جا چ نووسین بێت یان وێنەکێشان، وەکو کارێکی ئەدەبی و هونەریی.

دیارێ کەوا سیاسەتمەداران و ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا کاردەکەن و بەرپرسیارەتیان هەیە، بەردەوام مەشقێکی چەورن بە کاریکاتێریستان، لەبەر زۆری هەڵەکانیان و کاریگەریی هەڵەکانیان لەسەر کۆمەڵگە و نیشتیمانەکەدا، هەر بۆیە لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا سیاسەتوانان حیسابێکی زۆر بۆ هونەری کاریکاتێر دەکەن، و لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێوەندییەکی وشکی ناتەندروست هەیە لە نێوانیاندا، بەهەی هەڵە تێگەیشتن لە ماهیەتی ئەم هونەرە، و لە پێویستی کۆمەڵگە بە ئەم هونەرە زیندووە. لەم کۆمەڵگایانەی ئەمەدا بەرپرسان بە ئاسانی رۆخنە قبوڵ ناکەن، ئەگەر قبوڵیشی بکەن، ئەوا قبوڵکردنەکی رووکەشیانەیە و تەنیا بۆ ڕاگەیاندنە نەک لە ناخەوە، هەر کاتێک رۆخنەیان لێبگیرێت بەهەی تابلۆیەکی کاریکاتێرییەوە، ئەوا بە ریسواکردن و شەرمەزارکردن تێیدەگەن، ئەگەر ئەوانیش وانەبن، ئەوا دارودەستەکانیان وان، زۆر جار لە جیاتی بەرپرسەکانیان کاردانەوە وەردەگرن. لە کاتێکدا دەبێت وەکو هونەرێکی داهێنەر تەماشای هونەری کاریکاتێر بکەن، کە پێنجە دەخاتە سەر خاڵەکانی لاوازیی و کەمتەرخەمی و گەندەڵی و کەموکوڕی.

ساڵانێکی زۆرە کە پێوەندی هونەرمەندانی کاریکاتێر لەگەڵ بینەر و وەرگرەوە لە ڕێی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە پچڕاوە یان زۆر لاوازە، بەڵام لەڕێی بەکارهێنانی سایتەکانی گەیاندنە کۆمەڵایەتیەکانی ئینتەرنێت لەلایەن تاکی کوردەوە، ئەو پێوەندییە تا ڕادەیەکی باش پێدابڕاوە و گۆشەی کردووە، و کاریکاتێر دەگاتە ژمارەیەکی بەرچاو لە بینەرانەوە، و لە پڕاوپڕیی و بایەخدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەرچووە و دەربازی بووە. نەک بەهاوبوونەوەی کاریکاتێر لە ناوخۆی کوردستاندا، بەڵکو دەرگای بەهاوبوونەوەی لە دەرەوەی کوردستانیش بە واڵاکراوە، هونەرمەندان دەتوانن کارەکانی خۆیان بەبە سانسەر نمایش بکەن.

ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ هونەرمەندانی کاریکاتێر، چونکە تا ئێستاش کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگەی نووسینە نەک وێنە، بەرپرسانی بەهاوکراوەکانیش بەهەمان شێوە، هێندەی بایەخ بە نووسین دەدەن و نووسینیان لا گرنگە، هێندە بایەخ بە وێنە و کاریکاتێر نادەن، تەنانەت لە دیزاینی بەهاوکراوەکانیشدا بۆ ئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت.

هەژاریی و لاوازیی کۆمەڵگە و بەهاوکراوەکانمان لە ڕووی ڕۆشنبیریی وێنەوە، بووەتە هۆی کەتکردنیی داهێنان و ئەفراندنی هونەرمەندانەوە، بەتایبەتی هونەرمەندانی کاریکاتێر، دەبێت

بەرپرسانی باوکراوەکان هەست بووبکەن، کە کات زۆر درەنگە بۆ ئەوەی هونەری کاریکاتێر بایەخی شایستەی خۆی پێبدرێت، نەک وەک مادیەک تەماشا بکرێت بۆ پێکردنەوەی بۆشایی نێو لاپەڕەکانیان.

مەرجەکانی سەرکەوتن ... عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

وتەکانی ئەمجارە...وەکو مەرجی سەرکەوتن
وا باشە گشت بیزانین...چونکە لامان گرنگن

@@@

یەکەم مەرجیش ئاسانە...ئەویش بەوا بەخەبوون
لەگەڵ بوونی بەرنامە و...پلانێکی راست و روون

@@@

هەوڵ و کۆششکردنی...بەردەوام و کۆڵنەدان
بەنی خۆشی سەرکەوتن...دەدەن بە ژینی هەمووان

@@@

گفتوگۆ و ڕاوێژکردن...بە هەر کارێک کە دەیکەین
باش بزانن پێویستە...تا بە سەرکەوتن بگەین

@@@

ئازایەتی و بوێری... ڕاستگۆیی و ڕاستی وتن
یەکێکن لەو مەرجانەی ... دەبنە مایەی سەرکەوتن

@@@

هەر کەس بوو بە خاوەنی...لە خەبایی بوون و فیز
دەبێت زۆر چاک بزانێت...سەرکەوتوو نابێت هەرگیز

@@@

بۆیە دەبێ ئەمەی ژیر.. تا سەرکەوتووبین لە ژین
بۆ ئەو مەرجە جوانانە.. هەمیشە تێبکۆشین

١/٤/٢٠١٦

ڕۆژی جیهانی کچان … ڕۆستەم خامۆش

ئەمڕۆ یازدەی ئۆکتۆبەر
دەم زەر .. زەر بەختەوەر

ئەمڕۆ جیهانی کچانە
لە لای من ڕۆژکی جوانە
ئەمڕۆ شادم ، من ئاسودەم
لەم یادەدا لەو بە خەندەم

چونکە کچم ، گوڵی ژیانم
ئاقڕە بەخشی دە و گیانم

وەک پەپوولەی باخی ژینم
لە نەو ماڵی پە ئاقینم
لە ئامەزی بابەو دایە
من هەر خۆشیم لە دەدایە

– هەولێر ٢٠١٧/١٠/١١